# با پێکەوە کاربکەین بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك

کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە لە کوردستان دابراون بەهۆی پێگەی جیوپۆڵەتیکی و دیمۆگرافیانەوە، گرنگی زۆریان هەیەو ئەمەش وای کردوە ببێتە جێگەی ململانێ و مشتومریی هێزو لایەنە جیاوازەکان و ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراقیش هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوون کە دیموگرافیای ئەم هەرێمانە بشێوێنن و دۆخی سروشتیان تێکبدەن و دۆخێکی دەسکردیان بەسەردا بسەپێنن. لە ئەنجامی ئەوسیاسەتەدا هەزاران خێزانی کوردو تورکمانی ئەم ناوچەنە ئاوارەکراون لە سەر زێدی باوباپیریان هەڵکەندراون و بەزۆر لە جێگەی تر نیشتەجێکراون، هەزاران خێزانی عەرەبیش لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریبدا لە جێگەی هاوڵاتیە رەسەنەکانی کەرکوك نیشتەجێکران. بێگومان رژێمەکانی تورکیا و ئێران و سوریاش لەم سیاسەتەدا هاوکارو پشتیوانی رژێمەکانی ئیراقیان کردوە. ئەویش لە روانگە سیاسەتی توانەوەی گەلی کورد و سڕینەوەی کوردستان لەسەر جوگرافیا بووە. پاشماوە و دەرهاویشتەکانی ئەم سیاسەتە ئەمرۆ کێشەیەکی گەورەی جێهێڵاوە. ئەم کێشەیەش فرە رەهەندە. لەلایەك سیاسیە. ئەویش مەسەلەی کوردستانبوونی ئەم ناوچەنەیەو لەم روانگەیەوە گەلی کوردستان بە پێکهاتە جیاوازەکانییە وە دەخوازێت بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و بەمەش کۆتایی بەم کێشەیە بێت و شادومان بێت کە رەنج و خوێنی چەند ساڵەی بەفیرۆ نەچوە. لە بەرامبەر ئەمە لایەنە شۆڤێنییەکانی عەرەب و تورکمان ورژێمەکانی تورکیا و ئێران ئەمەیان لاپەسەندنییە و لە هەوڵی ئەوەدان ئەم ناوچەیە نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. بێگومان ئەم هەڵوێستەشیان لە پێناوی ئەوەدایە، کە کورد بەهێز نەبێت و هێدی هێدی بگەنە ئامانجەکانیان کە توانەوەی گەلی کوردە و سڕینەوەی کوردستانە. لەبەر ئەمە ئەم کێشەیە چۆن بۆ ئەو رژێمە شۆڤێنیانە مەسەلەیەکی ژیانییە. بۆ کوردیش بەگشتی مەسەلەیەکی ژیانییە. لایەنێکی تری مەسەلەکە کە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتیە. ئەویش مانەوەی هەزاران خێزانی ئاوارەیە لە کەرکوك و ناوچەکانی تر بە ئاوارەیی یاخود ژیان بەسەر دەبەن لە ناوچادرو یاریگاو کەلاوەی رووخاودا کە ئەمەش بۆخوی کێشەیەکی مرۆییە و ئاستی بژێوی ئەو خێزانانە زۆر لە خوارهەژاری و نەدارییەوەیەو رۆژ لەدوای رۆژ باری تەندروستیان خراپ دەبێت و رۆژ نییە چەندین منداڵ بە نەخۆشی گیان لە دەست نەدەن لەم بارودۆخەی تێیدان.

جەماوەری کوردستان بەگشتی و کەرکوك ناوچە دابڕاوەکانی تر بەتایبەتی بەو هیوایە بوون لەدوای رووخانی رژێم کێشەکانیان چارەسەر بێت. بەڵام نەك هەر کێشەکان چارەسەر نەبوون بەڵکو لەهەندێ رووەوە کێشەکان قوڵتر بوونەوە. هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ئێراق، بەتایبەت ئەوانەی لە دەسەڵاتدان. کارێکی جدییان نەکردوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و ئاسایکردنەوەی بارودۆخی ئەم ناوچەیە. ماوەی دوو ساڵ زیاتر ئەجندەیەکی روون و ئاشکرا نەبوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کیشەیە. ئەوە ماوەی ساڵێکیشە ئەم کیشەیە بووەتە ماددەیەکی دەستووری وکاتێکی سنووردارییش دیاریکراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کیشەیە، بەڵام لە رووی کرداریەوە هەنگاوێکی جددی نەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە.

جەماوەری بە شەرەفی کوردستان و ئاوارە بەشەرەفەکان

ماددەی140ی دەستووری ئێراق هەر چەندە بەواتای گفتوگوکردن دێت لە سەر کوردستانی بوون یان نەبوونی ئەو ناوچانە. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەگەر هەموو هێز و لایەنەسیاسیەکان رێکخراوە مەدەنییەکان و رۆشنبیران و جەماوەری کوردستان بەباشی کاربکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە. ئەوا بە یاسا کوردستانی بوونی ئەم ناوچانە دەسەلێنیت و لەهەمان کاتیشدا کێشەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە چارەسەر دەبێت، کە ئەمەش کێشەیەکی مرۆییە. هەر ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە هێزە شوڤێنییەکانی عەرەب و نەیارانی کورد و پێکهاتەکانی تری کوردستان لە ناو خۆو دەرەوە هەوڵدەدەن کە ئەم ماددەیە جێبەجێنەکرێت و لەم پێناوەشدا زۆر ئاستەنگی دروست دەکەن گومانی تێدا نییە کە هەتا بتوانن هەوڵدەدەن کە ئەم ماددەیە جێبەجێنەبێت. هەربۆیە ئێمەی جەماوەری کەرکوك و ناوچەکانی ترو ئاوارەکان بەتایبەتی ئەرکمان لە هەموو کاتێك زیاترە. هەتا بتوانین ببینە هێزی فشار بۆسەر حکومەتی ئێراق و پاڵپشتی بۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی جێبەجی کردنی ماددەی 140لە پێناو هەرچی زووە هەنگاوهاویشتن بۆجێبەجێکردنی ئەم ماددەیە. چونکە نەبارودۆخی کوردستان، نەبارودۆخی ئاوارەکان لەمە زیاتر بەرگەدەگریت. ئەمەش ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانمان کە وەکو وجەماوەر خۆمان رێکبخەین و لەوە زیاتر

دەستەوەستان نەوەستین و رێگە نەدەین لەوە زیاتر یاری بە چارەنوسمان بکریت. لەم پێناوە دا پێشنیاری دروست کردنی ئەنجوومەنێکی جەماوەری دەکەین کە بتوانێت سەرجەم پارت ورێکخراو داموودەزگاکان و نوێنەری جەماوەری کەرکوك بەگشتی و ئاوارەکان بەتایبەتی لە خۆبگریت. ئەم ئەنجومەنە کاری سەرەکی ئەوە بێت لە رێگەی کۆڕو و کۆبوونەوەی جەماوەرییەوە بۆ جەماوەری کەرکوك بەگشتی و ئاوارەکان بەتایبەتی، جەماوەر ئاگادار بکاتەوە و رێکیبخات. هەتا بەزووترین کات کێشەی ئاوارەکان و ئاسایی کردنەوەی ناوچەکان چارەسەر بکریت. لەم پێناوەشدا داوا دەکەین کە لە رووانگەیەکی نەتەوەیی و مرۆییەوە سەیری ئەم ئەنجومەنە بکرێت و بەرژەوەندی گشتی بەبنەما بگیرێت حیزبایەتی تەسك تێکەڵی ئەم مەسەلەیە نەکرێت و هەمووومان پێکەوە کار بکەین بۆ دروست کردنی ئەم ئەنجومەنە و چالاك کردن و سەرخستنی لە ئەرکەکانیدا. .

رێکـەوتی 2006/11/3 بەبەشـداربوونی ئـەم کەسـایەتی و ئەنجومـەن و لایەنـە سیاسـییانە کـە ناویـان لـەخوارەوە هاتووە لەشـاری کـەرکوك کۆبوونـەوە و لیژنەیـەکی کـاتی پێـنج کەسـیمان بـۆ بـەڕیوەبردنی کارەکـان هەڵبـژارد و بڕیارمانـدا بەشـێوەیەکی بـەردەوامی سـەردانی ئاوارەکـان و کۆبونەوەیان لەگەڵدا بکەین، هـەروەها بڕیـاردرا سـەردانی پارێزگاری کـەرکوك بـەڕێز (عەبـد ڕەحمـان مـستەفا) و (لیژنـەی جێبـەجێکردنی مـادەی 140) بکەین، هەروەها لە هەوڵی بەشدارپێکردنی کەسایەتییە بـرا عەرەبەکان و تورکمانەکان و ئاسوورییەکان و کەمـە نەتـەوەکانی تـریش بکـەین، هەروەها بەشدارپێکردنی پیاوە ئایینییەکان و کەسە یاساناسەکان، بۆیە ئەم لیژنـە کاتییـە کـراوە دەبێـت بـۆ بەشـداریکردنی هەکـەس و لایـەنێك و لەئەمڕۆوە دەست بەکارەکانی دەکات،

1/ئازاد شێخانی، کەسێتی سەربەخۆ/لیژنەی ئامادەکار

2/نەجیبە عومەر ئەحمەد، مەکتەبی ژن/لیژنەی ئامادەکار

3/دیار غەریب، پچدك/لیژنەی ئامادەکار

4/محەممەد علی مستەفا، کەسێتی سەربەخۆ/لیژنەی ئامادەکار

5/نەوزاد حسێن محەممەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی/حزبی رزگاری کوردستان

6/سەلاح عەلی، کارگێری مەڵبەندی حزبی شوسیالیستی دیموکراتی کوردستان

7/لوقمان ، ئەنجومەنی گەرەکی کوردستان

8/کاوە کەرکوکی، کەسایەتی سەربەخۆ

9/سیروان ئەحمەد محەممەد، ئەنجومەنی گەرەکی فەیلەق

10/ئەیوب کەریم تەها، کارگێڕی مەڵبەندی یەکگرتوو

11/بێستون خەلیل عادل، ئەندامی ناوەندی کەرکوك

12/سەباح مەجید محەممەد، ئەندامی ناوەندی کەرکوك

13/ئەڤین محەممەد سەعید، نوێنەری گەرەکی ئیمام قاسم

14/ئایتان ئەحمەد، نوێنەری گەرەکی ئیمام قاسم

15/مەننان حسێن، نوێنەری کۆمەڵەی هونەری دیجلە

16/تانیا محەممەد ئەمین، سەنتەری چالاکی ژنان

17/ئازاد عەلی محەممەد، یەکیەتی کۆمەنیستەکان

18/سابیر محەممەد، یەکیەتی کۆمەنیستەکان

19/عومەر حسێن حەسەن، کەسایەتی سەربەخۆ

20/چەتۆ مەجید سەعید، نوێنەری گەرەکی ئیمام قاسم

21/هاوڕێ فارس عەبدولا، بزوتنەوەی دیموکراتی خوازانی کوردستان

22/ئازاد محەممەد عەلی، ئەنجومەنی ئامادەیی بازرگانی

23/سەیفەدین سابیر، بزوتنەوەی ریفراندۆم

24/لەتیف فاتیح فەرەج، نوسەر

25/رەفعەت سالح سالەیی، نوسەر

26/کەمال خەیری، نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرڤی مەخموور

27/ئەکبەر شەمسوالله جیهانگیر، رۆژنامەوان

28/رێبوار محەممەد حەمەسالح، ئەنجومەنی گەرەکی کوردستان

**ئەمەی لای خوارەوە ناوی لیژنەی کاتی پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی ماددەی 140:**

1/ئازاد شێخانی، کەسێتی سەربەخۆ

2/ سەباح مەجید محەممەد، ئەندامی ناوەندی کەرکوك

3/ رەفعەت سالح سالەیی، نوسەر و ئەندامی بزوتنەوەی ریفراندۆم

4/ تانیا محەممەد ئەمین، سەنتەری چالاکی ژنان

5/ نەجیبە عومەر ئەحمەد، مەکتەبی کاروباری ژنان

**لیژنەکە بانگەوازی لە گشت نوێنەری ئاوارەکان و لایەن و کەسایەتییەکان و ڕێکخراوەکان دەکات، کە مێژووی 2006/3/11 کاتژمێر 10ی بەیانی و لە هۆڵی (سیروان تاڵەباتی) لە شاری کەرکوک کۆبونەوەی دووەمی خۆی ئەنجام دەدات و هەڵبژاردنی لیژنەیەکی بەردەوامی لە پیلاندایە.**

**هەروەها دەتوانن بەم ژمارە تەلفۆن و ئیمێڵانە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بگرن و زانیاری زیاتر سەبارەت بەم لیژنەیە و کارەکانی وەربگرن:**

1/**ئازاد شێخانی، کەسێتی سەربەخۆ** **ژ/ت/** 07701307293 swareazad@yahoo.com

2/ **تانیا محەمەد ئەمین، سەنتەری چالاکی ژنان** **ژ/ت/**07701451404

3/ **ڕەفعەت ساڵح ساڵەیی، نوسەر و ئەندامی بزوتنەوەی ریفراندۆم** **ژ/ت/**07702181616

4/ **سەباح مەجید محەمەد، ئەندامی ناوەندی کەرکوک** **ژ/ت/**07701228844

5/ **نەجیبە عومەر ئەحمەد، مەکتەبی کاروباری ژنان** **ژ/ت/**07701305337

rojgaromer@hotmail.com